# ئایا لەگەڵ بڕیاری ئیعدامین؟

## بۆچونێك لەسەر هەڵوێستەکانی مام جەلال

عەلی مەحمود محەمەد

**2005-4-17**

ئەمڕۆ لە جیهاندا لە زیاتر 120 وولات , واتە زۆر زیاتر لە نیوەی وولاتانی جیهان بڕیاری هەڵواسین هەڵگیراوە , ئەم دەسکەوتەش بە خەباتی جەماوەری بەدەست هاتووە , خوێنی لە پێناودا ڕژاوە و قوربانی لەو ڕێگەیە دراوە , گواستنەوەی مرۆڤایەتی لە دادگایی پشکنینەکان و کۆیلەدارییەوە بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن و هەڵگرتنی ئیعدام قوربانییەکانی کەمتر نەبووە لە ژمارەی ئیعدام کراوەکان , زۆریش لە پێناو هەڵگرتنی پەتی سێدارە بۆ خۆیان پەتەکانییان بە دەستەکانی خۆیان لە گەردن نا , ئەمەش هەنگاوێکی گەورەی مرۆڤ دۆستانەیە کە مرۆڤایەتی پێی گەیووە , گەڕانەوە بۆ سەردەمەکانی هەڵواسین و سەر پەڕاندن تەنها داخوازی شەمشەمە کوێرەکانە( بە داوای لێبوردنەوە لە شەمشەمەکوێرە) .

کۆمۆنەی پاریس یەکێك بوو لەو وولاتە ئەفساناوییەی هەر زوو شەقی لە پەتی سێدارە دا بە قارەمانییەتییەوە , کۆمۆنارەکانیش دواتر بە دەیان هەزارییان ئیعدامکران .

یەکێك لەو نەتەوانەی لە ئاستی جیهانیدا بۆتە قوربانی بڕیاری هەڵواسین و گولە بارانکردن کورد بووە , لەم نێوەدا لەهەموو پارچەکان بەشی شێری بەرکەوتووە .

تا پێش ڕوخانی سەدام ئەگەر کەسێك هەبووایە بیگوتایە من لەگەڵ بڕیاری ئیعدامم چیمان پێی دەووت ؟؟ , ئایا بەر نەفرەت ناکەوت ؟؟, دەبێت ئەمڕۆ لەگەڵ ئازادکردنی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی و مینی کەسی بین ؟؟؟ , نەوەك لە داهاتوودا ئەگەر کوردستان سەرکەوت پێویستمان پێیان بێت بۆ پاراستنی سنورەکان .

ئەی ئێستا کوردێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان دژ بە هەڵگرتنی بڕیاری هەڵواسین بێت , چۆن بەرپەرچ دەدرێتەوە و هەڵویست لە بەرامبەری وەرەگرترێت ؟؟؟ . باشە کێ دەڵێت لە داهاتوودا گەڕانەوەی بڕیاری ئیعدام نابێتە دێوەزمە لەسەر گەلانی عێراق بە گشتی و کورد بە تایبەتی , پەتی ئەو سێدارەیەی ئەمڕۆ لەبەر خاتری عەلی کیمیاوی و سەدام داخوازی گەڕانەوەین نانرێتە ملی خۆمان و نابینە یەکێك لە قوربانییەکانی . ئیعدام کاریگەرترین چەکی بەعس بوو بۆ داکۆکی کردن لە خۆیان , بۆ پاراستنی کورسییەکان دوبارە پەسەند ناکرێتەوە .

من بۆخۆم یەکێکم ئیمزای دژ بە ئیعدامم کردووە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە , سەدان کوردی دیکەش لە سایدی حیوار تمدن ئیمزای ئەو داواکارییان کردووە کە بەڕێز د.مونزل فەزڵ بە کەمپینەکە هەڵسا . ئایا ئێستا دەبێت هەڵوێستی ئیمزا

کەران چی بێت ؟؟؟, هەڵوێستی جارانییان ماوە ؟؟ یان پەشیمانن , بۆچی ئەمڕۆ بێدەنگییان لەبەرامبەری هەڵبژاردووە , کە ئەم ڕۆژانە قسەو باسی گەرمی لەسەرە کرێت .

یەکێکم کەسی زۆر ئازیز و نزیکی خۆم قوربانی دەست دڕندەیی ئەو ڕژێمە بوونە ؟؟. لە گەورەترین سزا کەمتر ئاواتە خواز نییم بۆ سەرانی بەعس , بە من بێت کەوڵ بکرێن و پێستییان بکرێت بە کیسە. بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەرامبەر ئاواتەکانی من و ئاسۆیەکدا کە هەڵگرتنی بڕیاری ئیعدامە دوو جیهانی جیا هەیە . دەبێت لە نێوان ئەو دوو جیهانە بەلایەکدا بشکێینەوە . ئەم شکانەوەیەش ئازایەتی دەوێت , ئازایەتی لەوەی کە جەماوەری کوردستان و قوربانییان بە گەورەترین سزا بۆ سەرانی بەعس و جەلادان دڵییان ئاو ناخواتەوە , لەم لاوەش ئەو بڕیارە توندە کە ئیعدام بەرزترینێتی سبەی پەتەکەی بەرۆك بە نەیارانی سیاسی داهاتووی ئەم وڵاتە دەگرێت و بوونی لە کۆمەڵگەدا نا مرۆڤانەیە .

ئێمە ئێستا لە دوڕییانێکداین لە نێوان بوونی بڕیاری ئیعدام و سزای تاوانبارانی بەعس و هەڵگرتنی ئەو بڕیارە. دەکرێت بڕیاری نەمانی ئیعدام لەدەست بدرێت بەرامبەر تۆڵە لەو 55 مۆرەیەی بەعس کە هەموویان شایانی گەورەترین سزان .

داخوازی کورد بۆ دادگایی کردنی تاوانباران هەر تەنها بۆ بڕیاری ئیعدام و کەیفێکی کاتیی و خۆشی ئەو چرکە ساتە نییە ملیان بە پەتەکەوە دەبینین . بەڵکە داواکاری دادگایی کردن لە پێناو فەرمی ناسینی جینۆسایدکردنی کورد و دووبارە نەبوونەوەی ئەو تاوانەیە , کە هەڵگرتنی بڕیاری ئیعدام تەنها خاڵێکی ئەو هەنگاوە مەزنەیە لە پێناو بنەبڕکردنی جینۆسایدی کورد. بۆیە دەبێت جیاوازییەك لە نێوان دادگایی تاوانباران و هەڵگرتنی بڕیاری ئیعدام بکەین . لەم نێوەدا دەکرێت کورد کەڵك لە دادگایی تاوانبارانی هۆلۆکۆست و یوغسلافییا وەرگرێت . ئایا لە دادگاییەکە گرنگ سزا جەستەییەکەی سەدامە , یان ناساندنی گەلی کورد وەك گەلێکی قڕکراوو جینۆسایدکراو بە ڕای جیهانی ؟؟؟ , لە کامییان قازانج زیاترە کەین و بەرژەوەندی زیندووەکان و دواڕۆژی تێدایە . دەکرێت لە پێناو تۆڵەی قوربانییان پەتی سێدارە بۆ زیندووەکان هەڵدەین .

یەکێك لەو ڕەخنانەی لە ماوەی چەند ڕۆژەی سەرۆکایەتی مام جەلالدا لێی گیرا لەسەر ئەو هەڵوێستەی بوو کە نواندنی لەسەر ئیعدامی سەدام بوو کە ووتی : من بەیاننامەی نێو دەوڵەتییم دژ بە ئیعدام مۆر کردووە , ئێستا ئەگەر سەدام بە ئیعدام سزا بدرێت تووشی گیرو گرفتە بم .

لەسەرەتاوە گومانم لەوە هەیە بەڕاستی مام جەلال دژ بە بڕیاری هەڵواسین بێت , وەناشتوانێت بیبێت بەهۆی خەونە سیاسییە گەورەکانییەوە , ئەوانەی خەونی سیاسی گەورەی تا مردنییان هەیە , ناتوانن دیموکراسی خواز بن مەگەر بە ناچاری .

ئەگەر مام جەلال بە ڕاستی لەگەڵ نەمانی ئیعدامە پێویستی بە هەڵوێستی لەم هەڵوێستە ئازایەنەترو ڕاشکاوانەترە , نابێت گوێ لەو کەسانە بگرێت نازانن گرنگی نەمانی ئیعدام لە لایەنە مۆڤدۆستانەکەیەوە لە چیدایە و کوێرانە ڕەخنە دەگرن , دوای دروشمە سەرچڵییەکان ئەوان بکەوێت , بەڵکە پێویستە نەك بە ناچاری پەیمانی ڕابردوو جێ بە جێ بکات , بەڵکە پێویستە ڕاشکاوانە داکۆکی لە ئامانجەکانی ئەو ئیمزایە بکات کە کردوییەتی , کە هەڵگرتنی ئیعدامە , ئەگەر کورسی سەرۆکایەتییەکەی و سۆزی جەماوەریش لە سەری دابنێت . ئەگەر پەلە لە داگایی بکرێت دەکەوێتە بەردەم ئەو تاقیکردنەوە گەورە سەختەوە , کە زۆر کەس پێیان وایە بچوکە , بە پێچەوانەوە تاقیکردنەوەیەکی مەزنە .

ئەگەر ئەوانەی خەریکی ژماردنی فاوڵەکانی تاڵەبانین دەبێت شەو بدەنە دەم ڕۆژەوە , چونکە فریای قسەو ووتە زۆرو زەبەنەکانی ناکەون , لە بڕی مروری نوسەرییەکەی خۆیان بکەن باشترە , هەندێك جاریش بەهۆی ئەنتی بونییانەوە بۆ تاڵەبانی یاخود بارزانی سیمای مرۆڤانەی خۆیان لە دەستە دەن , وەك ئێستا لە پێناو دژایەتی تاڵەبانی کەوتوونەتە سەنگەری داکۆکی لە ئیعدامکردن .

لە کۆتاییدا داوا لەسەرۆکی عێراقە کەم جورئەتانەتر دژ بە بڕیاری گەڕانەوەی ئیعدام بوەستێتەوەو وەفادار بێت بەرامبەر بەو نامانەی دژ بە ئیعدام مۆریکردووە و ئازایانەتر لە دژی بوەستێتەوە , مۆرکردن گرێبەندێکی ئەخلاقییە و بۆ کەسانی ناسراو پەشیمان بوونەوە لێی ئاستەنگە , پەیماننامەی نێو دەوڵەتی پەیماننامەکانی قاسمە ڕەش نیین , لەمبەر ئاو برایەتی بێت , لەو بەر چەمیش جاڕی براکوژی . هیوادارم لەو ماوەیەدا ئەو نامەیەی مۆر کردبێت کەس لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بەشێوەی جۆراوجۆر لەناو نەدرابێت , هاوکات لە کۆتاییدا داخوازم دادگایی سەدام و هاوکارانی بە ئەزمونی کەمبۆدییایا تێنەپەڕێت , لە ترسی نهێنییەکان پاش 25 ساڵ زیاتر هێشتا تاوانباران دادگایی نەکراون , ئێمە پێویستمان بە وەسیقەی دادگاییەکەیانە بۆ خۆپاراستنی داهاتوو , دادگایی سەدام و تاوانباران بکرێتە دادگاییەکی نێو دەوڵەتی , لە ڕێگەوەوەی تەواوی داگیرکەرانی کوردستان ببنە عیبرەت و پەندی زەمانە نەتوانن لە داهاتوودا دەست بۆ کاری وا بەرن .